# وەزیری مافی مرۆڤ

# پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کرد



بەمەبەستی بایەخدان بە چالاکیەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەمەڕ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان و رۆلی رێکخراوەکانی ژنان لەم بوارەدا سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٠٠٧/١٠/١٠ لە دیوانی وەزارەت د.شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کرد.

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو، باس لە دەرەنجامەکانی رەوشی ژنان و ئافرەتان و رۆلی رێکخراوەکانی مەدەنی و ژنان و ئافرەتان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کرا کە دەبێت لەم مەیدانەدا هەموو توانایەکی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بەرەو کەمبوونەوە و نەمان بچێ.

لەم رووەوە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان رایانگەیاند کە پرۆژەیەکیان لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان داوەتە پەرلەمان کە ناوەڕۆکەکەی زیاتر ئەوە دەگرێتەوە ئەم دیاردەیە چەند ترسناکە و پێویستە چاکسازی بۆ بکرێ و رێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە...

لە تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارەدا باس لە بەشداریکردنی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان کرا لەم لیژنەیەی کە بەم دواییە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دامەزرا بۆ ئەو مەبەستە و تا ئێستاکە چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە و ئەنجامەکانیش بەوە گەیشتووە کە لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەولێر و سلێمانی پۆلیس بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیە دامەزرا و کاری جیدیانە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەکات.

هەر لەم رووەوە وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

دەبێ هاوکارییەکی تەواو هەبێت لە نێوانی حکومەت و رێکخراو و لایەنەکانی پەیوەندیدار راستەوخۆیان بەم رەوشەوە هەیە، بۆیە پێویستە هەرچی زووە هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ کارکردن لەم پێناوەدا و تێکەڵبوون لەگەڵ باروکێشەی ژنان و ئافرەتان زیاتر کارەکانمان ئاسانتر دەکاتەوە، چونکە لە نزیکەوە دەچینە ناو چارەسەرییەکان٠

شایانی باسە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لە ساڵی (١٩٥٢)ەوە دامەزراوەو بەنیازیشن لە ئایندەدا کۆنگرەی داهاتووی خۆیان ببەستن و وەزیری مافی مرۆڤ-یش بەڵێنی پێدان کە بەپێی توانا یارمەتیان بدات٠

